PDF4Kurd

هەروەها سەربهوردی پیاوانی زاناو کۆچی یوسفو مریەمو عیسا بو میسر لەم ئینجیلەدا باس کراوە. ئینجیلی مەتی لە چاو ئینجیلی مورقسدا بە شێوەیەکی بژاردەترو وردتر هاتۆتە دانان و نووسین.

<u>ئینجیلی لوقا</u> (وەرگێرانە یۆنانیەکەی دەگەرێتەوە بۆ دەوروبەری ساڵی 90 ز، وەرگێرانی نوسخە ئارامییەکەی رەنگە بۆ دەورووبەری ساڵی 65ز)

لەلایەن لوقاوە نووسراوە. کە پزیشكو هاورێی پۆڵس بووە لە سەفەرە بانگەشەییەکاندا، لوقا ئەم کتێبەی بۆ یونانیو رومییەکان نووسیوەو سەرچاوەی ئەم کارەشی هەردوو ئینجیلی مورقسو مەتی بووە. لەم ئینجیلەدا لایەنی بەشەری عیسا دوویات دەکرێتەوە. لوقا شیعر دۆستە. تۆنو زمانی ئینجیلەکەی ئەو هێمنو بەشەر دۆستانەیە. لەم کتێبەدا باسی ژیانی عیساو واریقاتی لە دایکبوونەکەی دەکات (بابی دووەم: ئایەتی 1- 20).

<u>ئینجیلی یوحەنا</u> (ئەم شێوەیەی ئێستای دەگەرێتەوە بۆ ساڵانی 100- 125ز):

رەنگە بە هەڵە ئەم ئینجیلەیان دابێتە پاڵ یوحەنای یاوەر،بەڵام بە رواڵەت دەبیٚ بە ماوەیەکی زۆر، پاش ئەو دانرابیٚ، کاریگەری فەلسەفەی یۆنانیو ئەسکەندەرانی، بە تایبەتی لە باسی پەیڤدا، لەم کتێبەدا ئاشکرایە.تەئکید لەسەر ئولوهیەتو خوایەتی عیسا و ئەمەی کە، عیسا رەمزی پەیڤە، هەروەها ئیمانو باوەڕ(وەکو خاڵی بەرامبەری کاران)، بەرجەستەبوونی عەشقی خوا لە ئەشقی ئادەمیزادا، یەکێتی سۆفیانە لەگەڵ هەقدا دەکات. ئەم کتێبە دوای پێشەکییەك، بە یەحیای تەعمیدکار دەست پیٚ دەکات کە عیسا دەشواو تەعمیدی دەکات، ئەوجا دێتە سەر باسی پەیامو مەرگو رابوونەوەی عیسا لە پاش مەرگ، بەڵام هیچ باسێکی چوونە ئاسمانی عیسای تێدا نییە.

## مێژووی کلێسا

<u>نامەی کرداری پەیامبەران</u> (60- 90ز):

نووسینی لۆقای دانەری سێیەمین ئینجیلە. گێرانەوەیەکی مێژوویی زیندوی پەرەسەندنو بڵاوبوونەوەی مەسیحیەتە لە ئاسیای بچووك، دورگەکانی میدیترانە، یۆنانو روم. بابەتەکانی بریتیین لە: بەردباران کردنی ئستیفانووسی یەکەمین شەهیدی مەسیحی، گەلێك پەرچووی کۆن، هەوڵەکانی کلێسای لاو، بە مەسیحی بوونی پۆڵسو سەفەرە تەبلیغییەکانی، هەروەها هاتنە خوارەوەی روحل قودسو جەژنی پەنجامین.

<u>نامەکانی پۆڵسی پەیامبەر</u> (مێژووی دانانی هەموو ئەم نامانە دەگەرێتەوە بۆ دەورووبەری ساڵانی 50- 65ز):

PDF4Kurd

سەردەمی پێش یاخی بوونی جولەکان دژی ئانیتوخوس ئەپیفانسی (163 پێشز) شاسلوکی سوریە، کە هەوڵی دەدا یەهودییەت لە نێو بەرێ، و ئەمەش بووە هۆی یاخیبوونی مەکابیان. کتێبی یەکەم خودی یاخی بوونەکەی (168– 135 پێشز) شەرح و شرۆڤە دەکات. یەهودای مەکابیی رابەری یەهودیان، لەم راپەرینەدا سەر دەکەوێ، جولەکەکان ئازادی ئاینی و سیاسی خۆیان وەدەست دێننەوەو لە ساڵی 142 پێشز ماڵباتی کاهینانی جولەکە دادەمەزرێنن کە تا ساڵی 40 پێشز بەردەوام دەبێ.

ئەم مێژووە شەقڵی توندی خەیاڵات و ئارەزووە ئاینییەکانی نووسەری وەرگرتوە، بەڵام لێوان لێویشە لە رووداوی سەیرو وێنەی دڵبزوێن. یەهودای مەکابی بە قارەمانێك لە قەڵەم دەدرێ کە سەرکەوتن، نەك لە سایەی هێزو بوێری زاتی، بەڵکو لەبەر رۆشنایی ستایشی یەهوە بە دەست دێنێ.

## چیرۆکان

یەهودیەت (دەوروبەری ساڵی 150 پێشز):

چیرۆکێکی خەیاڵییە دەربارەی ژنێکی جولەکەی خواناس، کە کاتێ بتولیای زاگەی لەلایەن هێزەکانی بەختنەسرەوە گەمارۆ دەدرێ (بە کۆمەکی جوانی و زانایی و زیرەکی خۆی) خۆی دەگەیەنێتە ناو چادرەکەی هالوفرەنسی فەرماندەی هێزی هێرشکەری ئاسوریەکان، بە رواڵەت وا خۆی دەنوێنێ کە تەسلیمی هەواو هەوەسی فەرماندە کە دەبێت و متمانەی ئەو بەدەست دێنێ، و ئەنجام دەتوانێ لە غورابی خەوی مەستیدا سەری لەلاشە جیا بکاتەوە.

یەهودیەت، بە قارەمانی خۆشەویستی جولەکەکان لە قەڵەم دەدرێ و سەربهوردی ئەو بووە بە هەوێن و نێوەرۆکی زۆر شیعری دڵگیرو تابلۆو نیگاری جوان.

شوشناو پیران (دەوروبەری 130 پێشز):

چیرۆکێکی کورتی دڵگیرە دەربارەی شوشنا. کە ژنێکی جوان و داوێنپاکەو دوو پیری تاوانباری سەر بە تیرەکەی لێدەبرێن فریوی بدەن. پیرەکان کە دەبینن شوشنا زۆر سەر سەختەو بۆیان نایەتە رەدا، بوختانی داوێن پیسی بۆ هەڵدەبەستن. شوشنا لە سەرەتادا حوکمی مەرگ دەدرێ. بەڵام دانیاڵ کە پیرەکان دەدوێنێ بۆی دەردەکەوێ کە بوختان دەکەن، ئیدی شوشنا تەبرێ و پیرەکان بە مەرگ مەحکوم دەکات.ئەم چیرۆکە پاشەکەوتی زمان و حاڵەتی چاوەڕوانی تیایە.

توبیت (مێژووی ئەو چیرۆکە دیار نییە، بە مەزەندە دەگەڕێتەوە بۆ نێوان ساڵانی 350 پێشز 75ز):

ئەم چیرۆکە خەیاڵئەنگێزە، کە نیشاندەری دەسەڵات و ئیحتوباری میسریان و پارسیانە، باسی جولەکەیەکی ئیمانداری دوورخراوە بەناوی توبیت، و کوڕە لاوەکەی بە ناوی توبیاس

PDF4Kurd

لـه ئاتيـك‌و يوبيـاو ناوچـه‌كانی ناوەنـدی ئاسـيای بچـووك ئـاكنجی بـوون، ئـاتين‌و خيـوس گـرنگترين شـاريان بـوون. يونيـه‌كان خـۆش تەبيعـەت‌و بـه سـەليقەو خـەيالْ پـەروەر بوونـه، زمانەكـەيان رەوان‌و دلْگـيرو خـۆش بوو،بايـەخی ئـەوان لـه واری ئەدەبياتـدا دەگەڕێتـەوە بـۆ زمانەكەيان كه بوو به زمانی هەموو يونانيان‌و زمانی ئەدەبی كلاسيكی يونان لـه مەلحەمەوە بيگرەو به شانۆنامەدا پێيدا وەرە تا دەگاته شيعری ليريكی‌و پەخشانی هەمە جۆر.

مێژووی يونان بەسەر چوار بەشدا دابەش دەبیٚ:

1– سەردەمی پلاسيگييەكان يا هيلاديەكان:

(3000– 1800پێشن. زانيارييـەكی زۆر كـەم لەمـەڕ مێـژووی يونـانی پـێش سـالْی 1800 پێشز لەبەر دەستدايە. لەوەيە ئەم سەردەمە سـەردەمی يەكێك لـه شارستانيەتەكانی چاخی بـەرد يـا چـاخی برونـز بیٚ،واديـارە هـەر لـەم سـەردەمەدا دانيشـتوانی ئەسـلْی دەكەونـە بـەر هێرشی قەومانی هينـدو ئـەوروپايی باكوور، يـا لـه قوْلْی كريتـەوە لەبەر هێـرش و پـەلاماران دەشكێن.

2– سەردەمی كريتی– مينوسی (1800– 1400 پێشن):

كريت كه هێزێكی دەريايی گەورەی هەبوو، لەم سەردەمەدا به زلهێز دەژمێردرا. رۆشـنبيری و شارستانيەتی كريتی (كه هەندیٚ سێبەری شارستانيەت و رۆشنبيری ميسری پێوە ديار بوو) رۆشـنبيری و شارسـتانيەتی زالْ بـوو. گـەلانی ئـەم سـەردەمە واديـارە لـە دەوروبـەری سـالْی 1400 پێشزدا دەكەونە ژێر دەسەلاٚتی هندو ئەورپيە باكورييەكان.

3– سەردەمی موكەناييەكان (دەوروبەری سالاٚنی 1400–1100 پێشن):

فەرهـەنگ و مەدەنيـەتی ئـەم سـەردەمە درێـژەی فەرهـەنگ ومەدەنيـەتی سـەردەمی كريتـی– مينوسـييە. سـەرهەلْدانی حكومـەتێن بچـووك, شـەڕو نەبـەردان, وهێرشـی باكورييـەكان, لـە تايبەتمەندييەكانی ئەم سەردەمەن.

4– سەردەمی دورينەكان (1100–900 پێشن):

بــە ســەردەمی شــەڕی گــەورەو كــۆچ و كۆچــبەری دەژمێــردریٚ (چــاخی ئاســن). هنــدو ئەوروپاييــەكان دەبـن بەسـیٚ گروپـەوە, واتــە دورينــەكان و يونيــەكان و ئايوليــەكان. لــەم سەردەمەدا زۆربەی هەرە زۆری شوێنەواری شارستانيەت و فەرهەنگی ئيجەيی لە ناوچوو. لـە دەوروبـەری سـالاٚنی 1000–8000 پێشـز ئـەلف بـای فينيقـی جێـی ئـەلفبای ئيجـەيی دەگرێتەوە.

لــە ســەدەكانی هەشــتەم و نۆيــەمی پێشــز يۆنــان هەلومــەرجێكی ناســەقامگيری هــەبوو. لەلايەكەوە گيرۆدەی تالاٚن‌و برۆ لە باكوورەوە، لەلايـەكی ديكـەوە گرفتـاری كـۆچ‌و كۆچبەری بوو لە دەڤەرێن جياوازەوە. هەر چەندە لەم قۆناغەدا هێشتا شتێك لـە ئارادا نـەبوو بـە نـاوی يەكێتيی نەتەوەييەوە، بـەلاٚم تيرەكـان لـە حـالْی يـەكێتی‌و خۆناسـيدا بـوون وەكـو يەكەيـەكی، ئـەم تيرانـە لـە هەلومـەرجی فيۆدالْيـدا لـە هـەولْ‌و كۆششـی ئـەوەدا بـوون كـە پـەرە بـەو داب‌و نەريت‌و ڕێوڕەسمانە بدەن كه مايەی شانازی‌و فەخری مالْبات‌و تيرەو تايفەيی بوو.

PDF4Kurd

به زۆری به گەورەترین شاعیری لیریکی یونانی دەزانن. پندار لە نزیکی تب لە ماڵباتێکی زۆر دەوڵەمەندو دارا هاتۆتە دنیاوە. زانیارییەکی کەم لەمەڕ ژیانی ئەو لەبەر دەستدایە، رەنگە کاهینی پەرستگەی ئاپولون بووبێ. پندار لە گەنجییەوە رووی کردە ئەو شیعرە لیریکییەی کەلە ئاتین و تەب موتالآی کردبوو، لە ساڵی 502 پێشز ماڵباتی ناوداری ئالیوئادا لە تسالیدا بە کرێیان گرت تا سروودی سەرکەوتن بۆ یەکێك لە ئەندامانی خێزانی ناوبراو کە لە گەمەێن پۆتیاییدا براوە بوو بوو، دابنێ و بهۆنێتەوە. پیندار، لەوە بەدواوە لە نێو قارەمانانی پێشبڕکێی هەمە جۆری وەرزشیدا هەوادارانی زۆری پەیداکردو پێی بۆ ماڵە دەوڵەمەندان کرایەوەو لە شیعرەکانیا کەوتە ستایشیان.

پیندار، شاعیرێکی پڕ بەرهەمە، پێشینان بە دانەرو خاوەنی هەڤدە کتێبی دەزانن لە وارەکانی سروودی پاڕانەوە، گۆرانی دیتورامب، سەرکەوتننامە، شیننامە، و ستایشدا، تەنیا چەند پارچەیەك لەو بەرهەمانە ماونەتەوە. بەڵام چوار سەرکەوتننامەی لەبەر دەستدان (بریتیین لە چلو چوار قەسیدە بە دیالێکتی ئایولیاو دووریان) کە کۆڵەکەی شۆرەت و نێوبانگی پیندارن.

سەرکەوتننامەکانی پیندار شیعری یەجگار ئاڵۆزن. هەر چەندە لە رووی بونیادو کێش و درێژییەوە هەمە جۆرن، بەڵام هەر یەکێکیان عادەتەن سێ بەشی دیاریکراوی هەیە:

1- بیرەوەری و یادی سەرکەوتنی قارەمانی پێشبڕکێیەکی وەرزشی.

2- ئەفسانەیەك کە بە شێوەیەك لە شێوەکان لەگەڵ ئەم پێشبڕکێیەدا یەك بگرێتەوە.

3- هەندێ تیوری و بۆچوونی فەلسەفی یان ئەخلاقی. یەکێك لە نموونە بەرزەکانی ئەم سەرکەوتننامەیە چەکامەی یەکەمی ئولمپیادەکە بۆ یەکێك لە حاکمانی سیراکوزە.

چامەکە بە چەند شیعرێکی زندوو دەست پێدەکات. ئەوجا قارەمان دێتە ناسین و سەرکەوتنەکانی پیشاندەدرێ، دوای ئەوە نۆرە دێتە سەر ئەفسانە، ئەوسا شاعیر دووبارە دەکەوێتەوە ستایشی قارەمان، و ئەنجام چامەکە بە کۆمەڵێك بیرو ئەندێشە دەربارەی شیعر بەگشتی و دەربارەی شیعرێن پیندار بە تایبەتی کۆتایی دێت.

پیندار شیعر بەجددی دەگرێ. جەژنە ئایینییەکان ناوەڕۆکی سەرەکی شیعری وی یە, و شیعرەکانی لەم رووەوە بایەخی زۆریان هەیە. شیعری لیرکی لە بنەڕەتدا تایبەت بە ئاپولون و خواوەندانی شیعر بوو. پێندار وتنی سەرکەوتننامەی تاڕادەیەك بە ئەنجامدانی سرووتی پیرۆز و موقەدەس دەزانی.

هەندێ لە رەخنەگران غەفڵەتەکانی پینداریان بە بازاڕی و سواو لە قەڵەم داوە, بۆ نموونە رەخنە لە دوو سەرکەوتننامەی دەگرن کە ستایشێکە لەمەڕ پێشبڕکێی قاترانە.

بە دوو ڕوویی تاوانباریان کردووە، وجا لەم روانگەیەوە ئیدی مەحکوم بێ یان نا, گومانی تێدا نییە کە ئەو ستایشکەری دەوڵەمەندان و کەسانی دەسترۆ بووە, بەڵام نابێ ئەوە لە یاد بکرێ کە ئەو بە خۆی لە نەجیمزادەو دەوڵەمەندەکان بووەو ناچار بووە بایەخ بە دۆزو مەسەلەکانی ئەوان بدات.

PDF4Kurd

هیرودوت بە پێچەوانەی توسیدیدس-ەوە ئاشنایەتی و شارەزاییەکی ئەوتۆی لە فەلسەفەی مێژوودا نییە، بەڵام هەمیشە هەوڵدەدا دەخالەتی خودایان لەکاروباری ئادەمیان نیشان بدات. بەڕای ئەو خواوەندان لە سەرکێشی و خۆپەسندی و لوتبەرزی دەسەڵاتدارانی (وەکو پارسییەکان) رازی نین و هەر بە عاردی سەرشۆڕییاندا دەدەن.

## شێواز و تەکنیك:

هیرودوت، کەسێکی رەوان نووسەو بە زۆری لە شێوەی گفتوگۆدا دەنووسێت و یەکێك لە خەسڵەتە دیارەکانی ئەو بەکارهێنانی دۆزێن ناکۆك و بایەخدانە بە کاریگەری قوڵی شتەکان.
شێوازی ئەو زیاتر حەماسی و مەلحەمەییە تا نمایشی، حەزی لە چەمکە گشتی و جیهانییەکانە، بەڵام حەز لە پاژکاریش (جزئيات)ش دەکات،پاژکارییەك کە وێنەی وردی خەڵکی و داب و نەریتی ئەو خەڵکە نیشان دەدات. مێژووەکەی ئەو لەم رووەوە خۆی لە زۆر ناوەڕۆکی سەرەکی دەبوێرێ، هیرودوت کەسێکی رۆمانتیکی بەرزە خەیاڵە. زیاتر مایلی گێڕانەوەی چیرۆکڤانییە دەربارەی حاڵ و باری مرۆڤان تا ئامادەکردنی هەواڵێکی هاوسەنگی پشت بەستوو بە سەرچاوانی باوەڕپێکراو، دەربڕی هۆو ئەنجام دەربارەی زنجیرەیەك شەڕ و شۆڕ.

## کورتەیەکی رەخنەکان:

هەر چەند هیرۆدۆت بە کەم دیقەتی و ناکۆکوێژی (بە تایبەتی دەربارەی ساڵەکان) تۆمەتبار کراوە، بەڵام هیچ کاتێك بە ئانقەست هەوڵی چەواشەکردنی خوێنەر نادات، هیرودوت زۆربەی کات سادەو خۆشباوەڕە، و پشت بەسەرچاوەی بێ ئیحتوبار دەبەستێ. بەڵام عادەتەن هەر کاتێ بەڵگەنامەیەك جێی باوەڕو متمانە نەبێ، ئاگادارمان دەکاتەوە، کە ئەمە هەواڵێکی زارەکییە، یا ئەفسانەییە یا گێڕانەوەیەکی لایەنگرانەیە. زانیارییەکانی هیرودوت دەربارەی شەڕو جەنگان زانیاری دەستی یەك نین، بۆیە بە توێژەرێکی سوپایی شایستە نییە. بە هەر حاڵ هیرودوت وەکو مێژوونووسێکی بێ لایەن ستایش دەکرێ، وەکو چۆن ستایشی بوێری و جەنگاوەری پارسەکان دەکات، ستایشی یونانیەکانیش دەکات.وادیارە زۆر لە بابەت دەردەچێ و زۆر کەڕەت زنجیرەی بابەتەکانی دەپچڕێ، بەڵام هەر ئەم لە خەت دەرچوونەش ئاگایی بەخش و سەرگەرمکەر و باشترین ناسنامەی چیرۆکخوانی ئەوە.

## توسیدیدس (توسیدید) (لە دەوروبەری 470- 398 پێشز):

توسیدیدس یەکەمین مێژوونووسی رەخنەگری جیهانە... لە ئاتین و لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندو دەستڕۆ لە دایك بوو، بە یەکێك لە نزیکانی میلیتادس دەژمێردرا.
لە گەنجیدا کەوتە موتالاو خوێندنەوەی بەرهەمەکانی هیرودوت و هەمیشە ستایشی دەکرد، لە کاتی هەڵگیرسانی شەڕی پلوپونزوسدا یەکێك بوو لە دە فەرماندەی ئاتینی. لە ساڵی 424 پێشز، ئەو گەلە کەشتییەی کە ئەو فەرماندەیی دەکرد لە شەڕی بەرگری لە ئامفی پولیسدا شکاو

PDF4Kurd

3- هەندێ بەشی ئەم کتێبە شێوەی جۆرە ڕۆمانێکی مێژوویی هەیە. ژیانی کورش بە شێوەیەکی مەیلەو ئەفسانەیی دەگێڕدرێتەوەو سەربوری ئابراداتاس"6"و پانتیای هاوسەریشی تەقریبەن چیرۆکێکی ریسکی مێژووییە.

فەلسەفەی مێژوو:

فەلسەفەی مێژوو لە گۆشەنیگای کیزنوفۆنەوە بە ئاسانی پێناسە ناکرێ, هەرچەند عادەتەن ئەو بە جێگری توسیدیدس دەزانن، نیاز ومەبەستی ئەو جیاوازی زۆری لەگەڵ ئەو مێژوونووسەدا هەیە. گیزنوفون بەتایبەتی حەزی لە نەقڵ و گێڕانەوەی ڕووداوانە، تا رادەیەك دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بە خۆی شانازی بەشداری لەو ڕوووداوانەدا هەبووە. ئەو لەواری پراکتیکیدا هیچ هەوڵێك بۆ هەڵسەنگاندن یان لە بنج و بناوان کردنی ڕووداوە بەشەرییەکان لە باری سایکولۆژییەوە نادات.

شێوازو تەکنیك:

زمانی گیزنوفۆن ڕاستەوخۆ، سادەو ناسکە، لە ڕاستیدا زمانی وی پەیڤ و ئاخافتنی پیاوێکی ئەهلی ئەدەب و کارە. شێوازی وی لەواری مێژوونووسیدا نە مینا هیرودوت ڕۆمانتیکی درێژدادڕانەیەو نە وەکو توسیدیدس پڕ ئاو تاوو دەستکردە.

کورتەیەکی رەخنەکان:

گیزنوفون لە مەقامی مێژوونووسدا نەهاوتای هیرودوتەو نە هاوسەنگی توسیدیدسە. دورە لە تواناو بەهرەی ڕەخنەگری و کاریگەریی مەعنەوی و ئەخلاقی. لە مەسەلە مەعنەوییەکاندا ئەوەندە وردبین نییە، و بە تەرەفداری و لایەنگری (لایەنگری لە ئەسپارتە) و خۆپەرستی و لاف و گەزاف بێژی مەحکومە. لەلایەکی دیکەوە لە دیتنی ڕووداوەکاندا وردە، و عادەتەن لایەنگری لەشتە ئابڕومەندەکان، و مرۆڤانی، و دلێرانەکان دەکات. ڕاشکاوی و توندی و ڕەوانی زمان، لە تایبەتمەندییەکانی نووسینەکانی ئەون. گیزنوفۆن کۆنترین گوتار (مقالە) نووسی یونانە. دوا پەیڤ ئەمەیە کە ئەو خاڵی لاوازی سەرەکی ئیمپراتۆری گەورەی پارسی بە یۆنانیەکان ناساند.

## شانۆنامە

تراژیدیا:

سەرهەڵدان و پەرەسەندنی:

تراژیدی یۆنان، وەکو شانۆنامەنووسی لە ئینگلیستاندا، لە سروت و رسوماتنامە مەزهەبیەکانەوە سەرچاوە دەگرێ، لە فیستیڤاڵەکاندا گروپی کۆرس و کوراڵانی پیاو کەوڵی بزنیان دەپۆشی (ڕەنگە بۆ ئەوە بووبێ کە وەکو ساتیرەکان"7" بنوێنن)و دەڕەقسین و گۆرانی دیتورامب-یان لەسەر شەرەفی دیونوسوس-ی خوای شەراب و پیت و بەرەکەت دەگوت.

PDF4Kurd

گفتوگۆکاران سوکرات و موریدانی سوکراتن، چل و دوو گفتوگۆ دراوەتە پاڵ ئەفلاتوون کە رەنگە تەنیا بیست و شەشیان بەڕاستی هی ئەوبن، گرنگترین گفتوگۆکانی ئەفلاتون بریتیین لە:

1- فیدون:

کە سەربهوردی مەرگی سوکرات و بۆچوونەکانی ئەفلاتون دەربارەی نەمری باس دەکات.

2- میوانی:

بۆچوونەکانی ئەفلاتون دەربارەی ئەشق و مەحەبەت دەگرێتە خۆ.

3- کریتون:

باسێکە دەربارەی رێزگرتنی یاسا.

4- کۆمار:

کە رەنگە گرنگترین نووسینی ئەفلاتون بێ، کۆمەڵگە یوتابیاییەکەی ئەفلاتون کە لەسەر بناغەی دادپەروەری رۆنراوە و وێنە دەگرێ.

5- گورگیاس:

ئەفلاتون لەم دیالۆگەدا ئەوە رادەگەیەنێ کە سەرەنجام هەر راستی و دادپەروەری بەسەر درۆو زۆرداریدا سەر دەکەوێ، هەروەها بیروبۆچوونی خۆی سەبارەت بە پاداشت و سزای ئەو دنیا، دنیای پاش مەرگ باس دەکات.

6- فیدروس:

داکۆکی نامەیەکە لە شیعری رەسەن بەرانبەر بە درۆپەروەری.

<u>گفتوگۆکانی (دیالۆگ) دیکە:</u>

ئوتیفرون، هیپیاس-ی بچووک، هیپیاس-ی گەورە، ئیون، خارمیدس، لاخس، لیزیس، پروتاگوراس، مینون، ئونیدموس، منکسنوس، کراتیلوس، تیتوس، پارمنیدس، سوفستایی، سیاسەت، فیلبوس، تیمائوس، کریتیاس و نوامیس.

<u>بیربۆچوونەکانی ئەفلاتون:</u>

تیۆری ئایدیایی، ئەفلاتون دژی رێبازی ئەولەویەت و ئەسالەتی مادەیە. ئەفلاتون باوەڕی بە جیاوازی نێوان دیاردە و حەقیقەتە, پێی وایە هەر کارێکی جیهان بنەڕەت و حەقیقەتێکی خۆی هەیە کە نموونەیەکی تەواوی ئەوە، و بە ئایدیای ئەو ناودەبرێ .. بەڕای ئەو لە رێگەی چەمکە ئەقلانی و وێناکانەوەیە کە مرۆڤ پەی بە حەقیقەت یا ئایدیا, کە جێگیرو نەگۆڕن, دەبات.

جیهانی مەتریالی بریتییە لە دیاردە کە تەنیا سێبەری واقیعە. ئەم دیاردانە لە رێگەی هەستەکانەوە دەرک دەکرێن, بەڵام ناتوانرێ وەکو سەرچاوەی حەقیقەت بە موعتەبەر بزانرێ, چونکە تەنیا بە کۆمەکی ئەقڵ, و رەنگە لە رێگەی روحی پاش مەرگەوە بتوانرێ بگەیتە حەقیقەت. ئەفلاتون باوەڕی وایە کە لە رێگەی پرسیارو وەڵامەوە, دەتوانرێ ئایدی یا

PDF4Kurd

حەقیقەتە گشتییەکان بێنە ناسین و خانە بەندی بکرێن. ئایدیالی باڵاش ئایدیای خێرو چاکەیە.

تیۆری روح:

ئەم تیۆریە پەیوەندی بەتیۆری بەهاو ئایدیالەوە هەیە. ئەفلاتون روح بە بەشێکی خوایی و نەمری مرۆڤ دەزانێ و پێی وایە وەکو چۆن بەدەن لە مادە دەچێت, روحیش دەقاودەق لە هزرو ئەندێشە دەچێت. روح بەر لەوەی بەشێوەیەکی کاتی لە بەدەن دا جێگیر ببێ, بوونی هەبووە و هەندێ نیشانانی پەیوەندی لەگەڵ ئایدیایاندا هەیە. و پەیوەندی بە حەقیقەتەوە هەیە. پاش مردن روح بۆ قەڵەمرەوی ئایدیالی رووت دەگەرێتەوە. هەر مرۆڤێك روحێکی خودایانەی هەیە کە لە جیاتی پێناوی نێوان خواو مرۆڤە. ئەم روحە خودایانەیە, بەشی باڵای روحە. و نزیکە لە خواوە.

ئەخلاق:

ئەفلاتون لەگەڵ ئەم تیۆرییەی سوکراتدایە کە فەزیڵەت لە ماریفەت دایە و ئاوەز بە تەنیا هەوێن و مایەی بەختەوەرییە. بەرای ئەو فەزیلەتی بنەرەتی و سەرەکی دادپەروەری, میانەرەوی, بوێری و حیکمەت دەگرێتەوە.
ئەفلاتون خۆشییە بەدەنییەکان بە کۆسپی سەر رێگەی ئەقڵ دەزانێو باوەری وایە کە دەبێ دوورە پەرێزییان لێ بکرێ. هەروەها ئەشق بە رێنوێنی مرۆڤ بەرەو جوانی و حەقیقەتو خێرو چاکە دەزانێ.

حکومەتو کۆمەڵگە:

ئەفلاتون حکومەتو دەسەڵاتی گەل (دیموکراسی)، حکومەتی کەمینە (ئولیگارشی)و حکومەتی زۆرداری (دیسپوتیزم) مەحکوم دەکات، کۆمەڵگەی بەرژەوەند هاوبەشی یوتوبیایی ئەو کە لەسەر بناغەی دادپەروەری رۆنراوە حکومەتێکی نیمچە سوسیالیستییە کە حەکیمان بەرێوەی دەبەن، سەربازان بەرگریو پاسەوانی لێدەکەن، کرێکاران پشتو پشتیوانین، ئەفلاتون لایەنگری یەکسانی ژنان، پەروەردەو فێرکردنی ئیجباری، برایەتی جیهانی مرۆڤ، و فێربوونو فێرکردنی هونەرو ئەدەبیاتە.

شێوازی ئەفلاتون:

ئەفلاتون شێوازێزێکی هەمە جۆری هەیە. هەندێ جار سادەو هەندێ جار زۆر شاعیرانەیە. لە راستیدا شێوازی ئەو لە نێوان شیعرو پەخشاندایەو هەندێ جار دەبێ بە شاعیرێکی دیترامب، بۆ دەربرینی حەقیقەتە رەهاکان بە شێوەی رەمزیو استیعاری سوود لە ئەفسانان وەردە گرێ. وێرای ئەوەی کە سوفستایی نییە، کاریگەری سوستاییەکانو

PDF4Kurd

لە سەردەمی رومیدا نووسراوانی پڕ بایەخ تا رادەیەك كەم بوو. شیعری بەرچاو نەنووسرا، ژمارەی پەخشاننووسانی پلە یەك-ش كەم بوو. پەخشانی ئەم سەردەمە لە خزمەتەی مێژوو، ژیاننامە، فەلسەفە، تەنز، و رەخنە دابوو.

## مێژوو

پولوبیوس(205- 125 پێشز):

خەڵكی میگالوپولیس-ە، لە ساڵی 167 پێشزدا وەكو بارمتە بۆ روم نێردرا، لەوێندەر كەوتە ناوجەرگەی دۆستانی فەرمانــدەی رومـی و پیـاوی ئـەدەب پـەروەر سـیپیوئافریكانوس مینوردا"10"، و لەوەش دەچێت( هەر لە رێگەی كۆمەكی سیپیو وە) مۆڵەتی وەرگرت كە لە ساڵی 150 پێشزدا بۆ یۆنان بگەڕێتەوە. پۆلوبیوس، لەو ماوەیەدا كە لە روم ئاكنجی بوو، زۆربەی بەشەكانی كتێبەكەی (مێژووی گشتی) لە چل بەرگدا نووسی، كە تەنیا پێنج بەرگی بە تەواوەتی ماوەتەوە، ئەم بەرهەمە كە باسی شكۆی روم دەكات، مێژووی ئەو سەر زەمینەی لە ساڵی 266 پێشزەوە تا ساڵی 146 پێشز لە خۆدەگرێ. ئەم كتێبە كتێبێكی تاقەتبەرەو دوورە لە هەر هونەرییەتێك، لە رادەبەدەر بایەخ دەدا بە حەقیقەتە رووتەكان. رستەكانی درێژو ئاڵۆزن، ناوەكان نابەجێن و لە شوێنی خۆیاندا نین، وێڕای ئەمە رە.

نگدانەوەی تۆژینەوە، هەمە لایەنی مێژوویی، و بێلایەنییە.

یوزفوس(37- 100 ز):

یوزفوس لە ئۆرشەلیم هاتە دنیاوەو بە رەوشی یەهودیان پەروەردە بوو، پاشان لەگەڵ ئیمپراتۆر تیتوس"11"دا بۆ روم رۆیی، یوزفوس فێری زمانی یونانی بوو و مێژووی جەنگی جولەكەی، كە شەرح و شرۆڤەیەكی جوانی راپەڕینی جولەكان و دامركاندنەوەیەتی بە دەستی تیتوس (66- 70ز) بە یونانی نووسی.

بەرهەمی دووەمی وی (مێژووی كۆنی جولەكەیە) كە مێژووی قەومی جولەكە لە سەرەتای بوونەوە تا ساڵی 66 ز نیشاندەدات. ئەم بەرهەمە لە بەرهەمی یەكەمی یوزفوس تاقەتبەرترو لاوازترە.

## ژیاننامە

پلوتارك (46- 120ز):

لە خارونەئا هاتە دنیاوە، لە ئاتین خویندویەتی، پاشان چوو بۆ روم و لەوێندەر كەوتە دەرس دانەوە، بەرهەمی گەورەی وی بریتییە لە (ژیانێن هاوتەریب) كە بریتییە لە پەنجا ژیاننامەی پیاوانی ناودار، چوار ژیاننامەیان بەجیاو سەربەخۆن و ئەوانی دی دوو بە دوون لە هەر جووتە ژیاننامەیەك ناوداریكی یۆنان لەگەڵ پیاوێكی رومدا بەراورد دەكرێ، وەكو دیموستن و سیسرون، ئەسكەندەرو ژول سزار، پلوتارك لەم بەرهەمەمیدا ئەدیبان پشت گوێ دەخات. هەوڵ دراوە لە هەر جووتە ژینامەیەكدا دەرسێكی ئەخلاقی دابدرێ. ئەم ژینامانە تا

PDF4Kurd

پلاوتوس نزیکەی چل یا چل‌و پێنج شانۆنامەی نووسیوە، بەڵام سەدو سی شانۆنامە دەدەرێتە پاڵ وی. بیست شانۆنامەی لە جۆری کۆمیدی نویٚ لە پاش بە جیٚماوە کە هەر هەمووی کۆپی بەرهەمەکانی میناندیرە.

## شانۆنامەێن تەزویرو گۆڕینی ناسنامە:

### ئامفیتریون:

ئەم شانۆنامەیە لەسەر بناغەی ئەفسانەیەکی کۆن رۆنراوە. زیوس خۆی دەخاتە پیٚستی ئامیفیتریون–ەوەو لەگەڵ ئالکمەن–ی هاوسەری ویدا دەکەویٚتە ئاشقیٚنی و ئەشقبازی.

### میر کوری"4":

میرکوڕی لە شیٚوەی سوسیادا کە کویلەیە دەر دەکەویٚ. ئەم کۆمیدیایە شیٚوازیٚکی شادو زندووی هەیە و پڕە لە ریسوایی. زۆر نووسەر لەوانە: مولیر، روترو، درایدن، کلیست، و ژیرودو کومیدیان لەو بەرهەمەوە وەرگرتووەو نوسیووە.

## شانۆنامەیێن دەسیسەو پیلان:

### یەخسیرانی جەنگی:

دوو یەخسیری جەنگی، یەکێکیان کۆیلەو ئەویتریان ئەرباب، دەکەونە گۆڕینی سیماو جلوبەرگی خۆیان تا زەمینە بۆ هەڵاتنی ئەرباب (ئەشراف) فراهەم بیٚ. هژیو کە هەردووکیانی کڕیوە پەی بەوە دەبات کە کۆیلەکە کوڕە گوم بووەکەی خۆیەتی. لەم شانۆنامەیەدا میٚمڵیٚك بە ناوی ئێرگاسلوس، بە دەم شۆخییەوە جۆرە خۆشی و ناسکییەك بە شانۆنامەکە دەبەخشیٚت.

نووسەر سوودیٚکی زۆری لە تەنزی دراماتیکی وەردەگریٚ, ئەم بەرهەمە زۆر عەوام پەسندە (میللی) رووداوە ناشیرینەکانی زۆر کەمە، و لایەنە کۆمیکییەکەشی لە چاو بەرهەمەکانی دیکەی پلاوتوسدا زۆر کەمە، : ئاریوستو، جانسون، و روترە، کاریگەری ئەم شانۆنامەیەیان پیٚوە دیارە.

### بازرگان:

لەم سوکە کۆمیدیا بەرزەدا(فارس) باوك‌و کوڕیٚك لەسەر خۆشەویستی کیژێك دەکەونە رکابەری. شانۆنامەکە زۆر دیمەنی خەندەداری تیٚدایە. پلۆت‌و بابەتەکەی بەخیٚرایی دەچیٚتە پیٚشیٚ، و لوتکەیەکی یەجگار جوان‌و دڵگیری هەیە.

PDF4Kurd

شانۆنامەی کاراکتەر (کەسایەتی):

سەربازی خۆ هەڵکێش: درامایەکی ناپوختەیەو لەسەر بنەمای کەسایەتی سەربازێکی فشەکەر رۆنراوە. ترنس، یودالٚ، دولچی، بائیف، مارشال، گریفیوس، و هولبرگ– لە رادە بەدەر لەژێر کاریگەری ئەم درامایەدا بوونە.

گەنجی تەڵا:

کۆمیدیایەکی وەستایانەیە کە بە دەوری تەوەری کەسایەتییەکی پیسکەدا دەسوڕێتەوە. هەندێ کەس پێیان وایە لاسایی کردنەوەیەکی شانۆنامەیەکی ونبووی میناندیرە. پارێزی لە رادەبەدەر دەبێتە هۆی ئەوەی کە کابرای پیسکە گەنجەکە لە دەست بدات. چنینی پلۆتی دراماکە لۆژیکییە.

شانۆنامەێن ناسینەوە:

کارتۆنی جەواهێرنیشان:

ئەم شانۆنامەیە نەخشەو پلۆتێکی بێ بەهای هەیە، کارتۆنێکی چکۆڵە ناسنامەی کیژێکی کۆیلە کە لە بنەماڵەیەکی ئەسڵزادەیە ئاشکرا دەکات، هەنگێ باوکێك قاییل دەبێ کە کوڕەکەی لەگەڵ ئەو کیژەدا زەماوەند بکات. ئەم کوڕە بە بوێرترین ئاشقی ناو کۆمیدیای تازە دەژمێردرێ. چەند دیمەنێکی ناشیرینی تێدایە.
دەقی شانۆنامەکە دەستکاری زۆر کراوە.

جمکانان:

لە ناوادارترین شانۆنامەکانی پلاوتوسە جیابوونەوەی جمکانەکان دەبێتە مایەی هەڵەی سەرگەرمکەر. سەرەنجام گرێی شانۆنامەکە بە یەکتر ناسینەوەی ئەم دووە, دەکرێتەوە. شەکسپیر لە دانانی شانۆنامەی (کومیدیای هەڵەکان)دا لە کاریگەری ئەم شانۆنامەیە بەدەر نەبووە, بەڵام ئەم دوو شانۆنامەیە چوونیەك کۆتاییان نییە.

پەت:

بابەتی شانۆنامەکە رزگاری ژنێکی ئابڕومەندە لە چنگی کابرایەکی ناکەسبەچە. باوکێك بەدیتنی ئەو پەتەی کە بە جانتای ژنی قارەمانی چیرۆکەکەوە بەستراوە, پەی بە ناسنامەی ئەو کە کیژە ونبووەکەی خۆیەتی دەبات. ئەم درامایە هاماجیرۆمانتیکی، کاراکتەرسازی لۆژیکی، رووداوی دراماتیکی، هونەری تەوس و توانج و زندووی تیایە، هیوود کاریگەریی ئەم بەرهەمەی بەسەرەوە بووە.

PDF4Kurd

**بۆ میلون (52 پێشن):**

**داکۆکییەکە لە ئانیوس میلون"24" لە هەنبەر قەتڵدا. ئەمە داکۆکیە یەکێکە لە چەند شکستی سیسرون لە دادگادا.**

**دەقی خوتبەکە بەر لە بڵاوبوونەوە دەستکاری و چاك کراوە.**

**نووسراوە(نامە) سیاسییەکانی:**

**دەربارەی کۆماری (54- 51 پێشن):**

**ئەم نامەیە (لە شەش کتێب) دایە دەربارەی دەستووررو حوکمڕانی وڵاتێکی بیٚ کەمو کوڕی، کە وەکو روم بە شێوەیەکی یوتوبیایی، لە رێگەی ئاوەزو نیشتمانپەروەرییەوە رێبەرانییەوە رێنوێنی دەکریٚ. ناوبانگی ئەم بەرهەمە لەو وێنەیەدایە کە لەمەڕ دنیایەکی دیکە نیشانی دەدات (دەربارەی "خەونەکانی سیپیو").**

**دەربارەی یاسا (52 پێشن):**

**نامەیەکە لە پێنج بەرگدا (کە تەنیا سیٚ بەرگیان ماونەتەوە). بایەخی ئەم بەرهەمە لەو زانیارییانەدایە کە دەربارەی قانونی واقیعی و تیۆری قانونی رۆژ پیشانی دەدا.**

**نووسراوە ئەخلاقیەکان:**

**دەربارەی ئاکامی چاکی و خراپی (45 پێشن):**

**نامەیەکی رەسەن نییە، بەڵام بە وردی لە شێوەی دیالۆگ (لە پێنج کتێب) دا نووسراوەو شرۆڤەو رەخنەیە لە قوتابخانەکانی ئەپیکوری، رەواقی و ئەرستۆیی. سیسرون بە تەواوی لەگەڵ هیچ یەکێك لەم سیٚ قوتابخانەیەدا نییە، بەڵام لەم سیانەدا زیاتر بەلای سێیەمدا مایلە.**

**دەربارەی پیری (44 پێشن):**

**دیالۆگێکی دڵگیرە کە خۆشیو سوودەکانی رۆژانی پیری دەسەلمێنیٚ.**

**دەربارەی دۆستایەتی (44 پێشن):**

**نامەیەکی کورتو دڵگیرە دەربارەی کرۆكو جەوهەری دۆستایەتی.**

**دەربارەی فەرمان (44 پێشن):**

**نامەیەکە لە سیٚ کتێباندا کە سیسرون بۆ کوڕەکەی خۆیی نووسیوە، ئەم نامەیە زیاتر بیرو باوەڕی رەواقییەکانی لە خۆگرتووەو ململانێی نێوان فەرمانو وەزیفەو بەرژەوەندی شەخسی بەرجەستە دەکات و نیشاندەدات.**

PDF4Kurd

2- منداڵی ئانتونی و ئوکتافیا"3"-ه
3- منداڵی ئوکتافیاو مارسلسو"4"-ه
4- منداڵی کونسول پولیو"5"-ه
5- عیسا مەسیحە
6- منداڵی خەڵکی ئاساییە.

ژمارە "5":

لاوانەوەیەکی شوانکارەییە. موپسوس بۆ مەرگی دافنیس دەلاوێتەوە، میناڵکاس بە ئاوازی شاد وەڵام دەداتەوە کە دافنیس نەمدگە، بەڵکە چووەتە پێستی خوای چاکەو پشتیوانیەوە. ئەم شیعرە ئاماژەیەکە بۆ مەرگو خوداسازی رەسمی ژول تزار. ڤیرجیل ئەم شیعرەی بە چاولێکەری تیوکریتوس، بیون، و ماسکوس-داناوە.

ژمارە 9:

نێوەرۆکی ئەم شیعرە دەربارەی کۆیلەیەکە بە نێوی میناڵکاس، کە هەراسانی مسادەرەی زەوییەکەی خۆیەتی.

ژمارە 10:

ئەم شیعرە دەربارەی گالوس-ی شوانە کە لە سوێی جەورو جەفای دولبەرەکەی لە ناو جێگەی مەرگدا دەکەوێ و لێدەبڕێ هۆزانێن شوانکارەیی بڵێ.
لە ئەنجامدا ڤیرجیل ماڵاوایی لە شیعری شوانکارەیی دەکات، رەنگە لەبەر ئەمەی کە(دەربارەی کشتوکاڵی) کە پێشتر دەستی پێکردبوو، بکەوێتە نووسین.

دەربارەی کشتوکاڵی:

بەرهەمێکی پروپاگەندیی و بانگەشەییە لە چوار کتێبدا، لە دەوروبەری ساڵانی 36- 30 پێشز لەسەر داوای میسیناس دانراوە. ڤیرجیل لە هەندێ مەبەستو بابەتی ئەم کتێبەدا قەرزارباری هسیود و لوکرتیوس-ە. ئامانجی کتێبەکە هاندانی خەڵکی ئازادە بۆ گەڕانەوە بۆ سەر کێڵگە کەم دانیشتوانەکانی ئیتاڵیا، بەڵام وەکو بەرهەمێکی بانگەشەیی وادیارە سەرکەوتوونییە. ئەم بەرهەمە ستایشێکی فرەی ئوکتافیانوس-ی لە خۆگرتووە، و باسێکی زۆری کشتوکاڵو ژیانی شادی دیهاتیانش دەکات، ئەم چوار بەرگە بەریز دەربارەی ئەم بابەتانەن: دەربارەی بەروبومو پێشبینی جەوی، باخی مێوو رەزان، ئاژەڵداری، و هەنگ بەخێوکردن.

ئانیئید:

کاریگەری ئەدەبی و ژینگە:

PDF4Kurd

بەرهەمێن نێوەڕۆك "8" جیاواز:

بریتییە لە چەندین پارچەی دیالۆگی، هەندێکی شاد، هەندێکی جددی دەربارەی بابەتێن جۆراو جۆر کە لە ژێر کاریگەری لوسیلیوس وتراون، کتێبی یەکەم (لە ساڵی 35 پێشز بڵاوبووەتەوە) لە دە تاك گووتار پێکهاتووە. ژمارەکانی 1-3 دەربارەی میانڕەوی سەبردارییە، ژمارەکانی 4، 6، 10 هەندێ بەرهەمی لە خۆیو لە شیعرەکانی لە خۆ دەگرن، ژمارە پێنج باسی سەفەرێکە بۆ بروندیسیوم لەگەڵ میسیناسدا، ژمارە 7، 8 کۆمەڵە حیکایەتێکی لە خۆ گرتووە، و ژمارە 9 شەرحی رووبەڕووبوونەوەی کەسێکی چەنەبازە. کتێبی دووەم (لە دەوروبەری ساڵی 30 پێشز بڵاوبووەتەوە) بریتییە لە هەشت شیعر - هەندێکیان تاك گووتارو هەندێکیان دیالۆگی دوو قۆڵییە. لێرەشدا هوراس بەرگری لە خۆی وەکو نووسەری بەرهەمی نێوەڕۆك جیا دەکات (بڕوانە ژمارە 11)، لایەنگری لە ژیانی سادەو ساکار دەکات (ژمارەکانی 2، 6)و گاڵتە بە کەچ سەلیقەیی خەڵکی دەوڵەمەند دەکات (ژمارە 8).

ئیپودەکان (زیاتر لەسەر وەزنی ئیامبیك - 5):

لە دەوروبەری ساڵانی 40- 30 پێشز دانراوە. بریتییە لە هەڤدە شیعر کە لە رووی تۆن و بابەتەوە وەکو ساتیران (بەرهەمی نێوەرۆك جیا) هەمە رەنگە.

هوراس ئیلهامی ئەم شیعرانەی لە ئارکیلوکوسەوە وەرگرتووە. ئیپودەکان چوار شیعری تەنزئامێزی تیایە (4، 6، 10، 12)، دوو شیعریش وێنەیەکی ترسناکی ژنێکی جادوگەر دەگرن (5، 17) شیعرێکیش سەرکەوتنی ئاکتیوم"9" بە گەورە دەژمێرێ (9)، دوو شیعریش سامناکیی جەنگی ناوخۆ وەبیردێننەوە (7و 16) شیعرێکیش وەسفێکی توانجپۆشیانەی خۆشییەکانی گوندە (2).

چامەکان:

سەدو سێ چامەیە، کە زیاتر فیکرین تا لیریکی بن، لە چوار بەرگ یان چوار کتێبدا رێکخراون. هوراس لەم شیعرانەدا قەرزارباری سافۆ، ئالسیوس، سیمونیدس، کالیماکوس، پیندار، ئارکیلوکوس، و ئاناکریون-ە، سێ کتێبی یەکەم لە نێوان ساڵانی 30- 23 پێشزدا نووسراون. غەزەلیاتی کتێبی چوارەم شاعیر لە ماوەی دە ساڵی دواتردا دایان دەنێ و لە ساڵی 13 پێشزدا بڵاویان دەکاتەوە. غەزەلیاتەکان دەربارەی بابەتی جۆراو جۆرن وەکو دەعوەت، دوعاخوازی. تەبیعەت، لەزەتی ئەشق و شەراب، ئیحتوباری نەتەوەیی و سرودێن پاڕانەوەیە. کتێبی یەکەم زیاتر هۆزانێن لیریکییە دەربارەی ئەڤین و شەراب، کتێبی دووەم هەندێ نامەکاری ئەخلاقی لە خۆگرتووە، کتێبی سێیەم بە رادەیەکی زۆر بە مەسەلە ئەخلاقی و نیشتمانپەروەرییەکاندا رادەگات، و کتێبی چوارەم زیاتر تەرخانە بۆ ستایشی ئوگوستوس و ئەندامانی خێزانەکەی وی.

PDF4Kurd

خەت دەردەچیٚ و لە بابەتەکەی دوور دەکەویٚتەوە. ویٚرای ئەمەش (میٚژووی سروشتی)ی پلینی بەسەرچاوەیەکی گرنگ، لە بواری زانستی کۆندا، دیٚتە ژماردن. ئەم کتیٚبە بەتایبەتی لە سەدەکانی ناڤیندا کە بە سەرچاوەیەکی پڕ ئیحتوبار دەژمیٚردرا، کاریگەرییەکی زۆری هەبوو.

## نامەکان

پلینی بچووک (گایوس پلینیوس کایکیلیوس سکوندوس، 62 – 113ز):
خەتیب و سیاسەتوان، شاعیر، نامەنووس و خوشکەزای پلینی گەورە بوو. لە کومون هاتە دنیاوە، لە لای کوینتیالیانوس خویٚندویەتی و پاشان بە فەرمانی ترایانوس پۆستی کونسوڵی و فەرمانڕەوایی بتی نیا"23"–ی وەرگرتووە.

نامەکان:
کۆ نامەیەکە لە نۆ کتیٚبدا کە بەر لە بڵاوبوونەوەی بە وردی پیٚداچونەوەی بۆ کراوە. پلینی لە نووسینی ئەم نامانەدا نامەکانی سیسرونی کردووە بە سەرمەشقی خۆی، بەڵام نامەکانی سیسرون زۆر زندووترو، جوانترو پڕ ماناترن. هەر نامەیەك باسی بابەتیٚك دەکات، و تەژی پەندی ئامۆژگاری بەنرخە. نامەکان شیٚوازیٚکی جوان، سادەو، دڵگیریان هەیە. بابەتەکانیان زۆر فراوان و دەوڵەمەندن– چالاکی دادگا، ئەدەبیات، دەوڵەتداری، جوگرافیا، رووداوانی رۆژ، و بەتایبەتی شەرحیٚکی جوانی گڕکانی فیزوو–ی ساڵی 79ز لە خۆگرتووە. بایەخی فرەی نامەکانی پلینی لەوەدایە کە ویٚنەیەکی راستگۆیانەی واقیعی ژیانی رومیان و داب و نەریتی باوی ساڵانی 75– 112ز بە دەستەوە دەدات. ئەو ویٚنەیەی کە پلینی دەیگریٚ. پیٚچەوانەی ئەو ویٚنەیەیە کە لە میانەی تەنزەکانی جوفینال–ەوە پیشاندەدریٚ.

گوتاری ستایش:
گوتاریٚکی بیٚ ئەندازە ستایش ئامیٚزو زۆر وەستایانەیە کە پلینی لە کاتی وەرگرتنی پۆستی کونسوڵی (100ز)دا خویٚندویەتییەوە. ئەم گوتارە لە باری زانیاریانی میٚژوویی ئەو سەردەمە بایەخدارە.

## میٚژووی ئەدەب و رەخنە

کوینستیلیانوس (مارکوس فابیوس، 30– 96ز):
مامۆستا، مافزان، رەخنەگرو میٚژوونووسی ئەدەبییە، لە کالاگوریس–ی ئەسپانیا هاتۆتە دنیاوە, لیٚ لە روم خویٚندویەتی. پاشان بوو بە مامۆستاو مافزان, و لەسەر داوای ئیمپراتۆر دومیتیانوس, پەروەردەو فیٚرکردنی کوڕەکانی وی لە ئەستۆ گرت. کوینتیلیانوس بە

PDF4Kurd

بایەخدارە. دەربارەی ئەم بەرهەمە گوتوویانە کە لەوەیە جوانترین ژیاننامە بێ لەواری ئەدەبیاتی کۆندا.

گرمانیا (لە دەوروبەری 98ز دانراوە):

سکێچێکە لە ژیانی خەڵکانی ئەورووپای ناوەندی لە کۆتایی سەدەی یەکەمی زایینیدا ئەم سکێچە کە ئاویتەیەکە لە حەقیقەتو ئەفسانە، وێنەی شارستانیەتی زبرو پیاوسالارانەی تیرەکانی جەرمەن لە بەرانبەر پوکانەوەی شارستانیەتی ئیمپراتۆری روم دەگرێت، ئەم بەرهەمە لە رووی نەژادناسییەوە بایەخدارە.

مێژوو (لە ساڵانی 104- 109 ز): دانراوە:

مێژووی ئیمپراتۆریەتی روم لە ماوەی ساڵانی 69- 70ز دەگێڕێتەوە. لەم بەرهەمە تەنیا چوار کتێبی یەکەمو نیوەی کتێبی پێنجەم ماوەتەوەو وادیارە باقی کتێبەکان لەناوچووە.

ساڵنامەکان (لە ساڵانی 115- 117ز دانراوە):

مێژووی ئیمپراتۆریەتی روم لە تیبریوس"26"-ەوە تا نیرون (14- 69ز) لە خۆ دەگرێت. گەلێك لە بەشەکانی لە نێو چووە.

هزرو ئەندێشە:

بۆچوونانی سیاسی:

تاسیت کەسێکی توند رەوی دژە ئیمپراتۆریەت و کۆماریخوازە. زوڵمو زۆری دومیتیان-ش هێندەی دی بەرەو کۆماریخوازی دەبات. تاسیت دژی ئەو بۆچوونەیە کە دەسەڵاتی موتڵەق دەبێ لە دەستی حوکمڕاندا بێ.

مەزەبو ئەخلاق:

تاسیت کەمترین مەیل لەمەڕ هەر جۆرە یەکتاپەرستییەك یان عیبادەتی تەقلیدی خودایانی ئولۆمپی نیشان دەدا. زۆربەی ئاماژەکانی بۆ کاروباری خوایی لەبەر مەبەستی بەلاغییە. باوەڕێکی دیاری کراوی دەربارەی نەمری روحو گیان نییە، بابایەکی رەواقی مەشرەبە، زۆر ستایشی حەوسەڵە داری دەکا، بە شێوەیەکی گشتی کەسێکی رەشبینە.

مێژوو و فەلسەفە:

تاسیت مێژوو و فەلسەفە بەروونی پێناسە ناکات، بەڵام مێژوو لەلای وی ئەوزارێکە بۆ وێنەگرتنی نەمانی ئیمپراتۆریەتو کرمێ بوونو گەندەڵ بوونی حکومەتانی دیکتاتۆری.

PDF4Kurd

کارتاژو روم و میلاندا کەوتووەتە دەرسگووتنەوە. لە سەردەمی لاویدا بۆ ماوەیەك ڕێگەی ڕابواردنی گرتەبەر، ئەوجا بوو بە مانەوی، بەڵام لە میلاندا ڕموودەی ئامۆژگارییەکانی سنت ئامبروس"34" بوو و باوەڕی بە مەسیحیەت هێنا. لەوە بەدواوە بووبە زمانەوان و نووسەرێکی چەلەنگو چالاك، وەکو ئەسقوف هیپو، بەردەوام سەرگەرمی باسو خواسو گەنگەشەی ئاینی بوو، بە تایبەتی لەگەڵ مانەوییەکان"35"، دوناتیاکان"36"، و پلاگیوسیانەکان. لە ئەنجامدا لەکاتی گەمارۆی هیپودا بە دەستی واندالەکان کوژرا.

بەرهەمەکانی ئوگوستینوس دەبن بە پێنج بابەتی سەرەکییەوە:

1- فەلسەفە. 2- باسو خواسی ئاینی. 3- نامەێن ئەخلاقی. 4- ئامۆژگاریو پەند. 5- خوا ناسی تێوری.

ئوگوستینوس وەکو زمانەوان دەسەڵاتێکی زۆری هەیە، ئامۆژگارییەکانی وی لە سەدەکانی ناڤیندا زۆر دەخوێنرانەوە. ئوگوستینوس باوەڕی بتەوی بە ڕەحمەتی ڕاستەوخۆی یەزدانیو قەدەری موتڵەق هەبوو، و ئەم دوو ئامۆژگارییەی وی کاریگەری بەسەر زۆر کەسەوە هەبووە. دەسەڵاتو کاریگەری ئوگوستینوس بەتایبەتی بەسەر خواناسی لوتر، کالوین و یانسن-ەوە زۆر دیارو ئاشکرایە.

دان پێدانان:

(لە دەوروبەری ساڵی 400 ز تەواو کراوە)، ئوتوبیوگرافییەکی ڕوحانییە.

ئوگوستینوس لەم کتێبەدا سەرەتاکانی ژیانو باوەڕهێنانی خۆی دەگێڕێتەوەو، لە میانەی ئەوەوە بیروبۆچوونەکانیو کەسایەتی وی ئاشکرا دەبێ. زێدە باری کۆمەڵێك حەقیقەتی جوان لەمەڕ ژیان، ئاینو فەلسەفەی ئیمپراتۆریەتی ڕوم-ی سەردەمی ئەو ئاشکرا دەبێ، لە ڕاستیدا (دان پێدانان) یەکەمین لێکۆڵینەوەی ڕاستەقینەی خۆیەتی لە مەیدانی مێژووی ئەدەبیاتدا.

شاری خودا:

(لە دەوروبەری ساڵی 420ز تەواو کراوە). بەرهەمێکی مەزنە کە بەرەڤانی لە مەسیحیەت بەرانبەر ئەم تۆمەتەی کە ئەم ئاینە زەمینەی ڕوخانیرومی لە ساڵی 410ز فەراهەم دەکرد، دەکات. ئوگوستینوس باسی ئەوە دەکات کە هەموو مێژوو ململانێیە کە لەنێوان شاری خوداو (سەرچاوەی خێر، کە هەموو مەسیحییانی فیداکار ڕەمز و نیشانەی ئەون) شاری زەمینی (بنیچەی شەڕ کە هەموو موشریکان و بێ ئیمانان دا نیشانی ئەون). ئەم کێشەو ململانێیە بۆ ڕۆژی پەسلان درێژە دەکێشێتو لەو ڕۆژی داوەرییەدا، خەڵکی شاری خوا جاویدان دەبن و دانیشتووانی شاری دنیایی لە نێو دەچن.

PDF4Kurd

# بەشی پێنجەم

## ئەدەبیاتی رۆژئاوا لە سەدەکانی ناڤیندا
## ئەدەبیاتی جەڕمەنی

<u>پێشینەیەکی مێژوویی:</u>

تیرە جەرمانیەکان لقێکن لە ماڵباتی قەومی هندو ئەوروپایی. بە گشتی سەرچاوەی ئەم ماڵباتە بە کەنارەکانی رووباری ڤیستوڵ یان ئاسیای ناوەندیی دەزانن, لەم تیرە جۆراوجۆرە هندۆ ئەوروپاییانە, دەستەیەك بۆ هند, تاقێك بۆ ئاسیای بچوك, و جەماعەتێك بۆ ئەوروپا کۆچ دەکەن. جا لقی جەڕمەنی بەشێکە لەو جماعەتەی کە بەرەو ئەوروپا کۆچیان کرد, کە لە دەڤەری باکورو ناوەندی کیشوەری ئەوروپادا ئاکنجی دەبن. ئەم تیرانە تا سەرەتاکانی سەدەی سێیەمی پێشزاین لە دەڤەرێکدا دەگیرسێنەوە کە لە رۆژهەڵاتەوە روباری ڤیستول، لە باشوورەوە ماین، لە رۆژئاواوە ویزەر، و لە باکوورەوە دەریاکانی باکوورو بەڵتیك دەوری دەدەن، پاشان سنوورەکانی خۆیان بەرین دەکەن‌و جگە لە رۆژهەلات لە هەموو ناوچەکانی دیدا بلاودەبنەوەو ئاکنجی دەبن.

تیرە جەرمەنیەکان تا سەدەی یەکەمی زاینی لە رووی زمانەوە دەشێت بکرێن بە سێ بەشەوە:

1- جەرمەنی رۆژهەلاتی، یاگوتیك

2- جەرمەنی رۆژئاوایی

3- جەرمەنی باکوری، یا ئەسکەندیناڤیایی

جەڕمەنی رۆژهەلاتی لە دەوروبەری سەدەی شەشەمدا بەعەمەلی زمانێکی مردوو بووە.

جەرمەنی رۆژئاوایی دەبێ بە دوو بەشەوە:

1- ئەڵمانی بالا، کە شێوە زاری ئەڵمانیانی ناوەندی‌و باشووری، و سەرچاوەی ئەڵمانی تازە بووە.

2- ئەڵمانی ژێری، کە دیالێکتی ئەڵمانیانی باکووری، و سەرچاوەی ئینگلیزی، فریزی و هۆڵەندی بووە، گروپی جەرمەنی باکووری نەرویجی، دانیمارکی، سویدی‌و ئایسلەندیە.

جەرمانیانی کۆن، قەومێکی دڕو جەنگاوەرو شەڕکەر بوون، کە خەسڵەتی سەرەکیان توندو تیژی، دڕی‌و بێباکی عەشایەری بوو. ئاینی سەرەتایان پەرستنی چەند خوایەك بوو، واتە فرەخوایی لە نێوانیاندا باو بووە، ئەمەشیان بەپێی دەسەلات‌و ئازایەتی خودایەکان نەك بەپێی پرنسیپانی ئەخلاقیی و ئەقڵ. گەلێك لە سرووتە ئاینییەکان‌و سونەت‌و خورافاتە باوەکانیان لە دوای رەواج‌و برەوی مەسیحیەت -ش (دەوروبەری 400ن) هەر رەواجی هەبوو.

PDF4Kurd

## ئەدەبیاتی سیڵتی "1"

**پێشینەیەکی مێژوویی:**

لقێکە لە قەومە هندو ئەوروپاییەکان کە ئێستا بە سیڵتییەکان یاکیلتییەکان ناسراون وا دیارە تا سەرەتاکانی سەدەی حەوتەمی پێشزاین لە ئەوروپای رۆژئاواییدا (فەڕەنساو لەگینە ئەسپانیا) ئاکنجی دەبن. دەستەیەك لە سیڵتییەکان کە دانیشتووی سەرزەمینی گول بوون، تێکەڵاوی رومی و جەرمەنییەکان دەبن. گەیلی"21"یەکان، کە وادیارە لە سەردەمو رۆژگارێکدا ناوچەیەکی بەرینی ئینگلیستانی ئەمڕۆ داگیر دەکەن، لە دەوروبەری ساڵی 400 پێشزاینەوە بە هۆی شەپۆلێکی تازەی سیڵتیو بریتونی"3"یەوە بەرەو رۆژئاواو باکوور راودەنرێن. پاشان گەیلییەکان لە ئیرلەنداو سکۆتلاندە ئاکنجی دەبنو بریتونەکان نیوەی باشووری جەزیرە داگیر دەکەن، لە نیوەی سەدەی پێنجەمی زاینیدا کە ئانگلەکان"4"،

PDF4Kurd

پێکـەنینۆك، و نوکتەبازیـدا خزمـەتی ڕۆشـنبیریی ئـەوروپای سـەدەکانی ناڤینیـان کـردووەو بەشدارییان لەم بوارەدا ڕەنگە لە دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتێك گرنگتر بوو بێ.

نۆڕینێکی گشتی:

هـەر چـەندە لـە هەنـدێ ڕیوایـەتو هـەواڵنامان سـەرەتاو دەسـتپێکی شـیعری ئیرلەنـدی بـە سەرەتاکانی یەکەمین سەدەی زاینی دادەنەن، بەڵام دەکرێ بگوترێ تا پێش سەردەمی قەشە پاتریـك (دەوروبـەری 432) شـیعرو ئـەدەب بـە مانـای دروسـتی وشـە، لـە ئیرلەنـدەدا نایەتـە ئاراوە، گەیلییـەکان تـا سـاڵی 1172، کـە سـەرکەوتنی هنـری دووەم، کۆتـایی بـە ئـەدەبیاتو هونەری ڕاستەقینەی سیلْتی لە ئیرلەندەدا دێنێ، لـە ڕووی ئەدەبیـەوە هـەر چالاكو چـەلەنگ دەبن، بریتونەکان لە ویلْـزدا، درەنگتر ڕوو دەکەنـە ئـەدەبیاتو سـەردەمی ئـەدەبی وان پـتر لـە هاودینـانی ئیرلەنـدی خۆیـان دەوام دەکـات. هـیچ مێژوویـەکی وردو دروسـت لـە بـەر دەسـتدا نییە کە سەرەتای ئەدەبیاتی زارەکی و فۆلکلۆری یان نووسراو دیاریو دەست نیشان بکات. بەڵام گومان لەوەدا نییە کە بەرهەمێکی زۆر، بەر لەم شێوەی کە گەیبووەتـە دەسـتی ئێمـە، بـە درێژایی ڕۆژگاران و قـەڕنان چ بـە شـێوەی نووسـراوو چ بـە شـێوەی زارەکـی هـەبووە. سـەدان دەستنووسـی سـیلْتی کـە زۆربـەیان لـە مـاوەی سـاڵانی 1100- 1400زدا دادەنـرێن، لـە چەپۆکی ڕووداوو قەوماوانی ڕۆژگار خەلەسیونو تاوەکو ئەمڕۆ پارێزراون، کـە لـە گـرنگترین بەرهەمێن سیلتی دەشێت ناوی ئەمانە ببرێ:

1- کتێبی دان کاو (دەوروبەری 1100).

2- کتێبی لینستر (دەوروبەری 1150).

3- کتێبی زەردی لکان (دەوروبەری 1391).

کـە بەشـی سـەرەکی ئـەم بەرهەمانـە تایبـەتن بەرۆمانسـەوە (واتـە چـیرۆکێن ئەڤینـداری و سەرکێشـی)، و هـەموویان لێکـدی دەشـوبهێنە سـەر یـەکتر. دەستنووسـە بریتونیکـە"11" گرینگەکانیش بریتین لە:

1- کتێبی ڕەشی کرمارزن (سەدەی دوازدەیەم) کە بە شیعرە.

2- کتێبی ئانیورین (سەدەی سیانزەیەم) کە ئەویش بە شیعرە.

3- کتێبی تیلیسن (سەدەی چواردەیەم)، ئەمیش بە شیعرە.

4- کتێبی سووری هرجست (سەدەی چواردەیەم)، کە بە هۆنراوەو پەخشانە.

هەم ئیرلەندییەکان و هەم ویلزییەکان بەرهەمێکی زۆریان چ بە شیعرو چ بە پەخشـان داناوە کە بریتیین لە: سرودێن مەزهەبی، هۆزانی ئەڤینی، وەسفی تەبیعەت، مێـژوو، یاسا، سـرودێن مەلحـەمی، سـرودێن پاڵـەوانی، ڕومـانسو (چیرۆکێن ئەڤینـداریو سەرکێشـی)... هتـد. هـەر چـەندە ئـەم بەرهەمانـە لـە بـاری مێژووییـەوە بایەخـدارن، بـەڵام بـەیتو ئەفسـانەکان بـۆ خوێندکارانی ئەدەبیاتی پراکتیکیو خوێنەرانی ئاسایی زیاتر دڵگیرو جوانن.

PDF4Kurd

## ئەدەبیاتی فەرانسەوی

**پێشینەیەکی مێژوویی:**

کۆنترین دانیشتوانی سەر زەمینی فەرەنسای ئێستا قەومی گل (Galli)ـە کە لقێکی نەژادی سیڵتییە، کە ڕەنگە لە سەدەی حەوتەمی پێشزاینەوە لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا ئاکنجی بووبن.

تاوەکو بەر لە سەرکەوتنی ڕومییەکان لە ساڵانی 154– 50پ. زدا، زانیارییەکی ئەوتۆ دەربارەی گولەکان لە بەردەسدا نییە. بە سەرکەوتنی ڕومییەکان، شارستانیەتێکی ئاوێتەی گولی و ڕومی پەیدا دەبێ و هەردوو قەومەکە لە یەکتردا دەتوێنەوە.

هێرش و پەلاماری بەربەرەکان (تیرە جەرمەنییەکان) دوو شوێنەواری گەورە بەسەر فەرەنساوە بەجێ دێڵن، یەکەم ئەمەیە کە بەربەرەکان، وێڕای ئەوەی لە باری ژیاری و ڕۆشنبیرییەوە لە ئاستێکی نزمترا بوون و چاویان لە فەرهەنگ و ڕۆشنبیری لاتین بوو، سەرەنجام دەبن بە

PDF4Kurd

ئەسپانیاداو ئیدی هەردوو لاندوسی گومناو، ناوی رولان-ی برازای ئازیزی شارلمانیو دلاوەری نموونەیی فەرەنسا وەرگرتووە.

چیرۆکی "سرودی رولان" بەمجۆرەیە: شارلمانی پاش حەوت ساڵ شەڕ دەگەڵ ساراسنەکاندا لە ئەسپانیا، هەموو شارەکان دەگریٚ جگە لە ساراگوسا"14" کە بە دەستی مارسیل-ی فەرمانڕەوای موسوڵمانەکانەوە دەبیٚ. مارسیل داوای ئاشتیو مەسڵەحەت دەکات، و شارلمانی گانیلوی زڕبابی رۆلان بۆ گفتوگۆ دەربارەی هەلومەرجەکانی ئاشتیو سولْح دەنیٚریٚ.

گانیلو کە بەغیلی بە رۆلان دەبات دەکەویٚتە بیری خیانەتو بەهاوکاری مارسیل، پیلانی هیٚرش بۆ سەر پاشینەی لەشکرەکە بە فەرماندەیی رولان دەکیٚشیٚت، ئەم پیلانە سەر دەگریٚو پاشینەی لەشکرەکە نابوت دەبیٚ، بەلاْم رۆلاْنو هیٚزەکەی رۆلان پیٚش ئەمە بیست هەزار کەس لە ساراسنەکان دەکوژن.

رۆلان بە چەند ساتیٚك بەر لە مردن فوو بە شەیپوردا دەکات، سەربازانی شارلمانی بە هانایەوە دەچن و پاشماوەی ساراسنەکان لەناو دەبەن، لەگەڵ ئەمەشدا لەشکریٚکی دیکەی موسوڵمان دەکەویٚتە بەرگریو بەرەڤانی لە ساراگوساو فەرەنسییەکان ناچار دەبن بچنە شەڕەوە. شارلمانی بۆ ئیکس لاشاپل"15 دەگەڕیٚتەوەو بە تاوانی خیانەت گانیلو لە سیٚدارە دەدات، ئەود-ی دەزگیرانی رۆلان، کە هەواڵی مردنی دەزگیرانەکەی دەژنەڤیٚ لە داخو سویٚیاندا دەمریٚت.

ئەوەی ئاسیوی فرە لەم بەیتە دەدا موبالەغەکاری، شەرحی تاقەتبەری وردەشتان و دووبارەکردنەوەیە لەگەڵ کاراکتەرسازی ناپوختەو نەخەملیو: هەر کاراکتەریٚك یا بەباشی موتڵەق یا خراپی موتڵەق ویٚنە دەگیریٚ، بەلاْم ویٚڕای ئەمەیش سروودی رۆلان گوزارشتیٚکی دڵگیری نیشتمانپەروەریی فەرەنسەوی و گیانی مەسیحیەتی خەباتگیٚڕە.

چوونی شارلمانی بۆ بەیتول مەقدیس (دەوروبەری 1115):

بەیتیٚکە لە قاڵبی دیٚڕی دوانزە هیجاییدا هۆنراوەتەوە و وادیارە دەربارەی شەرحو شرۆڤەی کارو توحفە موبارەکەکانی قەشەدنی"16" هۆنراوەتەوە. کاتیٚ کە هاوسەرەکەی شارلمانی بە دەم قسەکردنەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هیو-ی ئیمپراتۆری قەستەنتەنیە، لە میٚردەکەی ئەو بالاْ بەرزترو جوانترە، شارلمانی بۆ بەیتول مەقدس دەڕوات، لەو شارەدا کۆمەڵیٚك توحفەو کۆنینەی موفەڕك بە دەست دیٚنیٚو ئەوجا بۆ قەستەنتەنیە دەڕوات، لەویٚندەر پاش ئەوەی هەندیٚ کاری سەیر لە سایەی بەرەکەتی ئەو توحفانەدا ئەنجام دەدریٚ، شارلمانی بالاْی خۆی بە بالاْی هیو دەگریٚو بۆی دەردەکەویٚ کە پیٚیەك لە هیو بەرزترە، ئیدی بە پەلە بۆ فەرەنسا دەگەڕیٚتەوەو هاوسەرەکەی دەبەخشیٚتو یادگارەکان پیٚشکەش بە دیٚر-ی قەشەدنی دەکات. ئەم بەیتە تەژی نوکتەو حەنەكو پیٚکەنینۆکە، و لە راستیدا زیاتر مایەی سەرگەرمییە تا ئیلهامبەخش.

PDF4Kurd

ئەم ئافرەتە شاعیرو حیكایەتخوانێكی نورماندییە كە ساڵانێكی زۆری تەمەنی خۆی لە دەرباری هنری دووەم-ی پاشای ئینگلیستاندا بەسەر دەبات، ماری بە چیرۆكانی شیعری كورت بە ناوبانگە ، و سادەیی، روونی، هەڵچوون، سۆزو سۆزداری، دەركی قوڵی خۆشەویستی مرۆڤانی، لە تایبەتمەندییەكانی چیرۆكە شیعرییەكانی مارییە كە ژمارەیان دەگاتە پانزە دانە. بەناوبانگترین بەیتی وی بریتییە لە:

1- لانڤال، چیرۆكی سوارچاكێكە كە پەریزادەیەك حەزی لێدەكات، بەڵام سوارچاكەكە رازی ئەم ئەڤینە ئاشكرا دەكات، و پەریزادەكە وازی لێدێنێ.

2- فرسنە، حیكایەتێكە دەربارەی ژنێكی بەسەبر.

3- لاولاو، گۆشەیەكە لەسەر بهوردی ئەڤینی تریسترامو ئیسولت، كە تریسترام پەیامێكی رەمزی لەسەر تەرِكەی فندق( درەختێكە، وەرگێر) بۆ ئیسولتی خۆشویستی دەنێرێ.

4- دوو دڵدار، چیرۆكێكی پڕ هەستو سۆزە دەربارەی كورِێكی گەنج كە لە پێناوی گەیشتن بە كیژە شایەكی خشكۆك دا گیانی خۆی لە دەست دەدات.

ماری، جگە لەو بەرهەمانە سەدو سێ فابیلی"26" لە ژێر سەرناوی زوپەدا لە پاش بەجێماوە.

<u>كرتین دوتروا (1130- 1180ز):</u>

گەورەترین چیرۆكنووسی فەرەنسییە لە سەدەكانی ناڤیندا و یەكەمین نووسەرە كە ئەفسانانی ئارتوری لە یەك زنجیرە دا رێك دەخات. و بۆ یەكەمجار ئەڤینی لانسلو دەرهەق بە مەلیكە گوینڤیر دێنێتە ناو ئەدەبیاتی نووسراوەوە، كرتین بۆ ساڵانێكی زۆر لەلایەن ماری كنتس شامپانییەوە پشتیوانی دەكرێت، كرتین حیكایەتخوانو دەروونناسێكی كارامەو بەهرەدارە كە شێوازێكی سادەو دڵگیری هەیە، كرتین پێنج بەیتی شیعری لە پاش بە جێماوە: ئیرك، لانسلو، كلیجە، یڤین، و پرسیوال.

روبردو بورو (1170- 1212):

جێگری كرتین-ە، یەكێك لە بەرهەمە هەرە بەناوبانگەكانی بەیتێكی سێ بەشی ئارتوری-یە (1210)، لە سێ چیرۆك پێكهاتووە:

1- یوسف-ی رامەیی یا جامی مقەدەسی گەورە، كە چیرۆكی كۆنی جامەكە دەگێرِێتەوە.

2- میرلین، كاراكتەرە سەرەكییەكەی سیحر بازێكە.

3- پرسیوال، كە دۆزینەوەی جامەكەو كۆتایی جیهانی ئەفسانەیی ئارتوری دەگێرِێتەوە.

**رۆمانسێن سەركێشی:**

ئەو بەیتە بە رەگەز رۆژهەلاتی و چیرۆكە كورتانە (ئەستەمە بتوانرێ ناوی رۆمانسی، بە مانای وردی وشە، لێبنرێ) دەگرێتەوە كەتیمەو ناوەرِۆكیان لە دەڤەرو وڵاتانی رۆژئاواییەوە

PDF4Kurd

ژانره گرنگەکانی ئەدەبیاتی بورژوازی بریتین لە: تەنز، شانۆنامە، و هۆزانێن لیریکی، فێرکاریو تەمسیلی(مەجازی).

## تەنز

روتبوف (1230- 1285):

ئاشق و شایەر، قومارباز، وادیارە بە تواناترین شاعیری چەرخی خۆی، و گەورە ترین نووسەری فەرەنسی سەدەی سیانزەیەمە، زانیارییەکی زۆر کەم لە بارەیەوە هەیە. لە بورگوندی یا پاریس هاتە دنیاوە، و بە هەژاریو کلۆلی ژیاوە، بەرهەمەکانی دەکرێن بە سێ بەشی دیارەوە:

بەیتێن شەخسیو کۆمیدی:

لەم بەشەدا ئەو شیعرە تەنزئامێزانەی دەربارەی سکاڵای شاعیرە لە بەدبەختی (وەکو دەستکورتی روتبوف) کۆکراوەتەوە. شیعرەکانی دیکە پڕ کینایەترنو تەوس بەریاکاریو هەندێ حوکمی مەزەبی دەکەن، تەنزی ناو ئەم بەیتانە زۆر زندوو و پرشنگدارەو کەمتر بە پێکەنینۆکو شۆخیانی بێ پەروا ئاوێتە دەبێ. هەندێ لە بەیتەکانی ئەم بەشە دەچنە خانەی فابیلاندا دەگێرسێتەوە.

بەیتێن بۆنەیی:

ئەم بەیتانە کە زۆر بەرزترن لەبەیتەکانی بەشی یەکەم(شەخسی و کۆمیدی). لە بەرەڤانیانی شاعیرو لاواندنەوەی گەورە پیاوانەوە سەرچاوە دەگرن. هەندێکیانیش دەربڕی شرۆڤەو راڤەی تەنزئامێزی رووداوەکانی رۆژن.

بەیتێن خواپەرستی:

ئەم بەیتانە ژیانی روحانیان، ئیعترافاتی شەخسیو نمایشی پەڕجووی تیوفیل لە خۆ دەگرن.

فابیلو:

لە فابیلویاندا گیانی شادیو سوعبەتچیاتی بە روونی دیارە. فابیلۆ چیرۆکێکی شیعرییە ( عادەتەن بەیتەکانی هەشت هیجایی یان برگەیین) کە زۆربەی بەشەکانی پێکەنیناویو کۆمیدییەو رووداوانی واقیعی یان ئەو رووداوانەی لەگوینە لە ژیاندا روو بدەن، دەگێڕێتەوە. فابیلو بە کینایە گاڵتە بە هەموو توێژەکانی کۆمەڵگە ، بە تایبەتی ژنان، ئەشرافو کەشیشان دەکات. گەلێك لەم چیرۆکانە ناشیرینو تەنانەت بێ پەردەن، و تەژی نێرەنگو فریوی سوعبەتامێزن.

PDF4Kurd

لاتینییە. ئەم شانۆنامەیە چیرۆکی دابەزینی ئادەم و حەواو کوژرانی هابیل بە دەستی قابیل دەگێڕێتەوە، و بە پێشبینی دەرکەوتن و هاتنی مەسیح کۆتایی دێت.

شانۆنامەی رەمز و راز:

ئەم جۆرە شانۆنامەیە دەشێت بە چیرۆکانی کتێبی موقەدەس یا رووداوێن مێژوویی پێناسە بکرێ. زۆربەی شانۆنامانی رەمزو راز لە ناوەرۆکی مەزهەبییەوە سەرچاوە دەگرن، کەمیش لە بابەتی نە مەزهەبییەوە. نزیکەی شەست شانۆنامەیەکی رەمزو رازی، سەردەمی سەدەی پانزەیەم ماوەتەوە، و شانۆنامانی کۆنتر نەماون، شانۆنامانی رازو نهێنیی بە ناوەڕۆك ئاینی بەسەر سێ قۆناغدا دابەش دەبێ:

1- قۆناغی سەردەمی کۆن(تەورات)، کە بە شانۆنامەی بە هەشتی عەدەن دەست پێدەکات و تا سەردەمی حوکمڕانی ئۆگوستوس تزار دەروات.

2- قۆناغی سەردەمی نوێ(ئینجیل)، کە لە دایك بوونی حەزرەتی عیسا تا چالاکی یاوەرەکانی پاش مردنی ئەو دەگرێتەوە.

3- قۆناغی قەدیسان، کە هەر شانۆنامەیەکی ئەم قۆناغە ژیان و مەرگی هەندێ لە روحانیان وێنە دەگرێت. زۆربەی شانۆنامانی رازو نهێنی دوورو درێژن و ئەنجامدانیان چەند رۆژێك دەخایەنێ. جگە لەوەی ئەم جۆرە شانۆنامەیە کەم دابێژێك بێ سەروبەرو پەشێوە، و نووسەر بە کەیفی دڵی خۆی سوود لە ناوەڕۆکی کۆمیدی و نەمەزەبی وەردەگرێ، بە دەگمەن سێ یەکێتییەکەی کات، شوێن و کرداریش رەچاو دەکرێت، بەڵام کەرەستەی دیمەنسازی و جلوبەرگ تەواو وەستایانە ئامادە دەکرێ.

لە سەرەتادا ئەکتەرانی خۆبەخش شانۆنامانی راز-یان ئەنجام دەدا، ئەوجا یەکەو دەزگای تایبەتی پەیدا بوو.

هەندێ جار سەدان ئەکتەر، و جارێك 5 سەد ئەکتەر، لە یەك شانۆنامەدا بەشدار دەبوون، لە ساڵی 1402دا شارلی شەشەم مۆڵەتی ئەنجامدانی شانۆنامانی رازو نهێنی بە ئەنجوومەنی پاسیون"49" بەخشی. قۆناغی ئەنجامدانی شانۆنامانی رازدار لە ساڵی 1548دا کۆتایی هات. لەم ساڵەدا نواندنی ئەم جۆرە شانۆنامەیە کە تەواو روو لە نزمی داروخانا بوو قەدەغە کرا.

بەناوبانگترین شانۆنامانی سەر بەخۆی رازدار بریتییە لە:

1- ئازارەکانی مەسیح (1450)، لەلایەن ئارنولد گیربان"50"-ەوە نووسراوە کە لە سی و چوار هەزارو پێنج سەدو حەفتاو پێنج بەیتدا ژیانی تەواوی مەسیح بە دەستەوە دەدات.

2- کرداری پەیامبەران (1450) لە نووسینی ئارنولد گیربان و سیمون گیربانەو برتییە لە 60 هەزار بەیت و پێنج سەد ئەکتەری هەیە.

3- گەمارۆی ئورلیان (1439)، کە شانۆنامەیەکی نە مەزەبییە دەربارەی جاندارك.

4- مێژووی وێرانبوونی تەروادە، نووسینی جاك"51"میلە.

PDF4Kurd

لەسەرو بەندی سەدەی پانزەیەمدا دوو جۆە کۆمیدیا لە فەرەنسادا گەشە دەکات: سوتی، و فارس، سوتی، لە هەوەڵەوە بورلیسک"56"-یّك بوو کە لەویّدا کەشیشانی پلەنزم تانەو تەشەریان لە کەشیشانی بالا دەستی خۆیان دەداو گاڵتەیان پیّدەکردن، و پاشان قاڵبی پارچە هەجوی وەرگرت، کە پاشا، دەوڵەت، ئەشراف، یا کڵیّسای نەدەبواردو رەخنەی لە هەموویان دەگرت، مەنشوورترین نموونەی ئەم جۆرە کۆمیدیایە (شانۆنامەی شازادەی گەوجان)ە (1512) کە هێرش دەکاتە سەر پاپا یولیوس"57"-ی دووەمو کڵیّسا.. فارس، وەکو نیّوان پەردەیە(*) لە ئەدەبیاتی ئینگلیزیدا (نیّوان پەردە: پارچەی نمایشیّکی کورتە لە نیّوان ئەنجامدانی دوو بەشی یەك بەرنامە). ئەم جۆرە کۆمیدیایە لە راستیدا فابلۆیەکی کورتە لە قاڵبیّکی نمایشیدا، کە لە بنەڕەتدا وەکو تابلۆیەکی کۆمیدی لە شانۆنامەی رازداردا بەکار دەبرا. گەنجەفەو بیّ پەروایی لە تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی ئەم کۆمیدیایەیە. نزیکەی سەدو پەنجا فارس ماوەتەوە. ئەم جۆرە شانۆنامەیە تاقە شیّوەیەکە لە شانۆنامەی فەرەنسی کە پاش رینیسانس-ش دەمیّنیّ. دوو نموونەی فارسی سەرگەرمکەر شایەنی باسن 1- "تەشتی جلشۆری" کە لەویّدا میّردیّکی گویّڕایەڵ، پیّداویستییەکانی باشبوونی وەزعی خۆی سەبارەت بە هاوسەرەکەی فەراهەم دەکات. 2-ئەوقاتی پاتلن، کە لەویّدا ئەوقاتیّکی زیرەك موکیلەکەی فیّردەکات کە چۆن خۆی لە دانەوەی قەرزیّك بدزیّتەوە، موکیلەکەش بە هەمان فیّڵ ئەوقاتەکەی دەستخەڕۆ دەکاتو هەقدەستەکەی ناداتیّ.

## هۆزانی لیریکی

<u>فرانسوا ڤیون</u> (1431- 1480):

بە گەورەترین شاعیری فەرەنسایی سەدەکانی ناڤین دەژمیّردریّ. ناوی راستەقینەی وی فرانسوا دو مونکوربییە، بەلام ناوی خانەوادەیی و شۆرەتی زڕبابەکەی (گیوم ڤیون) هەڵدەبژیّریّ. فرانسوا لە زانستگەی پاریس ماستەرنامە وەردەگریّ (1452)و گوایە تا ماوەیەکیش بیری بە کەشیش بوونی لەسەرا بووە ، بەلام بە هۆی هاونشینی دەگەڵ دزان و بەرەڵلایاندا چەندین جار دەکەویّتە زندانەوە. سیّ جاران تووشی دەردی سەری دەبیّ: جاریّك بە تۆمەتی پیاوکوژی (1455)، جاری دووەم بە تاوانی دزی (1462)، و جاری سێیەم بە تۆمەتی شەڕ (1462) فرانسوا لە ئەنجامدا حوکمی ئیعدام دەدریّ، بەلام حوکمەکە سووك دەکریّ بۆ نەفی و دوورخستنەوە. لە ساڵی 1463 بە دواوە هیچ زانیارییەك دەربارەی ژیانی فرانسوا لە دەستدا نییە.

بەرهەمی شیعری ڤیون کەمە، دوو بەرهەمی دریّژی هەیە بە ناوی (وەسیّتنامەی بچووك-1456)و (وەسیّتنامەی مەزن- 1461). ڤیون لەم بەرهەمانەدا زۆر شتو خەسڵەتی خەیاڵی دەداتە پاڵ دۆستو دژمنانی خۆی -کە لە خەڵکانی پایە بەرزەوە تا لاتو لەویّرانیان تیّدایە- شیعری لیریکی کورتیش بە زۆری لە شیّوەی سروود و غەزەلدا لە نیّو

PDF4Kurd

وەردەگرێ، تەواو لە موبالەغە دوورە. تۆن و ئاوازێکی سادەو سەنگینی هەیە، بە تەواوی لە توخم و رەگەزی ئەڤینی رۆمانتیکی-ش بەدەرە. ئەم بەیتە لە باری رەنگدانەوەی یاساکانی کاستیلی داب و نەریت، و شێوەی ژیان و گوزەران لە سەدەی یازدەیەمدا یەجگار بایەخدارە. نووسەرانێکی وەکو دوکاسترو"15"، کورنی، هردروساوثي بە ئیلهامی ئەم داستانە هەندێ بەرهەمیان نووسیوە.

## واریقاتنامە

لە سەدەی پێنجەم بەدواوە، گەلێك لە بنکەو دەزگا مەزەبییەکان رووداونامەو واریقاتنامەکان بەلاتینی تۆمار دەکەن و دەنووسنەوە. زۆربەی ئەم بەرهەمانە نوقستان و ئالۆزن. رودریگوخیمنپ درادا (1170- 1247)و لوکاس دوتوی ( ؟ -1249ز) هەندێ هەولیان هەیە کە رووداوە جیهانی و نەتەوەییەکان بە گوێرەی ریزبەندی مێژوویی پەیگیری بکەن. ئەم پیاوانە دەتوانن مێژووی واقیعی بنووسنەوە، بەلام ئەوانیش بەلاتینی دەنووسن، یەکەمین واریقاتنامە (مێژوو)ی گرینگ بە زمانی خۆماڵی لەلایەن ئالفونسوی زاناوە دەنووسرێت.

<u>ئالفونسوی زانا</u> (1226- 1284):

شای کاستیل، ئەدیب، شاعیرو مێژوونووسە، بە ئیلهامی بەرهەمەکانی رودریگو لوکاس، واریقاتنامەی جامیع-ی بە زمانی کاستیلی دا نا کە بە گرنگترین بەرهەمی مێژوویی سەدەکانی ناڤین دەژمێردرێ. واریقاتنامەکە بە تۆفانەکەی نوح دەست پێدەکات و پاشان مێژووی تەواوی ئەسپانیا لە رۆژگاری نیشتەجێ بوونی یونانی و کارتاژییەکانەوە تا پاشایەتی فردیناند-ی سێیەم (1252) دەگێرێتەوە. ئەم بەرهەمە وەکو مێژوو بە گشتی جێی متمانە نییە، بە جۆرێ کە خودی نووسەرەکەشی کەمترین هەولی بۆ جیاکردنەوەی حەقیقەت و ئەفسانە دەدا. بەلام لەگەڵ ئەمەشدا بەرهەمێکی جوان و لەبەر دلانە. لە رووی ئەدەبییەوە گرنگترین بەشی ئەم واریقاتنامەیە، نووسینەوەو شەرح و شرۆڤەی داستان و مەلحەمە کۆنەکانە کە نووسەر بە هەوال و زانیاری رەسەنی مێژووییان دەزانێ.

## شیعری لیریکی

تەقریبەن شتێك لە شیعری لیریکی سەرەتایی ئەسپانیایی نەماوەتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا کۆمەلێك گەواهی هەن کە لە سەدەکانی ناڤیندا زۆر هۆزانی لیریکی نووسراون، لەوانە گۆرانی نیگابانان، گۆرانی کریسمیس، گۆرانی ئەڤینی و گۆرانی شوانکارەیی. شاعیرانی تروبادور-ی پرووانسال لە سەدەکانی دوازدەیەم و سیانزەیەم-شدا کاریگەرییەکی قوولیان هەبووە، بە تایبەتی لە کاتولونیاو گالیسیادا.

<u>خوان رویت</u> (1283- 1351):

PDF4Kurd

دانتی لەم بەرهەمەدا هەوڵدەدا کە فەلسەفە بۆ خەڵکی ئاسایی و عەوام باس بکات، و زیافەتێك لەپاشماوەی سەر سفرەو خوانی گەورە فەیلەسوفان ساز بدات، جا بۆیە زیافەتەکەی دانتی شتێکی ئەوتۆ نییە جگە لە وەرگێڕانێکی(بۆ ئیتالیایی)عەوام پەسندی هەندێ بەرهەمی ئالبرتوس ماگنوس"20"، و توماس ئاکویناس"21" لەمەڕ حیکمەت و فەلسەفەی ئەرەستۆ، ئەم بەرهەمەی دانتی کاریگەری بوئیتوس"22"-شی پێوەیە.

دانتی پێوە بوو هەوڵجار پێشەکییەکی تێرو تەسەل دەربارەی فەلسەفە بنووسێت، پاشان شروڤەی هەر یەکێك لەو 14 کنزونەیە بنووسێت کە وادیارە پێشتر نووسی بووبنی. بەڵام تەنیا پێشەکییەکەو سێ شرۆڤەی پێ دەنووسرێت.

لێرەدا بیاتریچە بە شێوەی مەجازێك لە فەلسەفەی خوایی تەجەلی دەکات، و لەم قۆناغەدا خودی بیاتریچەیە کە بوونەوەرێکی خوایی ستایش دەکرێت.

**دەربارەی زمانی میللی** (1304):

ئەم بەرهەمە بەڵگەنامەیەکە بە پەخشانی لاتینی کە، دانتی داکۆکی لەمەڕ لە زمانی ئیتاڵیایی بۆ نووسینی ئەدەبیات(لە هەنبەر لاتینی)نووسیویەتی, بایەخی ئەم قەواڵەیە تەنیا لە داکۆکییە زندووەکەی لە زمانی خۆماڵی نییە، بەڵکو لەو روونکردنەوانەشدایە دەربارەی شێوەزارە باوەکانی ئیتاڵیا و لەو ئامۆژگارییانەشدایە کە دەربارەی کێش و وەزنی شیعری ئیتالیایی دەیکات. لێرەشدا دانتی لە چوار کتێبە دڵخوازەکەی خۆی، تەنیا کتێبی یەکەم و هەندێ بەشی کتێبی دووەمی پێ تەواو دەکرێ.

**دەربارەی دەسەڵات و پاشایەتی** (1313):

نامەیەکە بە پەخشان و بە زمانی لاتینی. کە دانتی بیروبۆچوونی خۆی لەمەڕ قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی حکومەتی دنیایی و خوایی بە دوورو درێژی دەردەبڕێت، ئەم نامەیە بریتییە لە سێ کتێب: لە کتیبی یەکەمدا باسی زەرورەت و پێویستی حکومەتی دنیایی بۆ جیهان دەکرێت، لە کتێبی دووەمدا، باس باسی ئەوەیە کە قازانجی خەڵکی روم لە پەیڕەویکردنی ویستی خوایی دایە، و لە کتێبی سێیەمدا باس باسی ئەوەیە کە دەسەڵاتی ئیمپراتۆران لە دەسەڵاتی خوداوەیە نەك لە دەسەڵاتی پاپاوە.

**کۆمیدیای خوایی** (سەرەتا1307- کۆتایی 1321):

**کاریگەری فاکتەرە ژینگەیی و ئەدەبییەکان:**

نیشاندانی هەموو ئەو فاکتەرە ژینگەییانەی کە کاریان کردۆتە سەر کۆمیدیای خوایی نووسینەوەی مێژووی تەواوی فلورانس-ی سەدەی سیانزەیەم و ژیاننامەی تەواوی دانتی دەخوازێ. گەندەڵی کڵێسا، شەڕی نێوان کویلفەکان و گیبلینەکان، دابەش بوونی گوبیلفەکان بەسەر سپییان و رەشاندا، نەفی کردن و دوور خستنەوەی دانتی، تۆرانی دانتی لە فلورانسا،

PDF4Kurd

لە ئەنجامی ویسالّی گایا و ئورانوس دا سیانزە تیتان، سیٚ سیکلوپ، و سیٚ هکاتونشیر دیٚنە ئاراوە. تیتانەکان کۆمەلّە دیٚویٚکن نیشانەی هەندیٚ نیٚروی سروشتی و بەدەنی دیاردەکانن، کە دیارترینیان هوپریون Hyperion ئوکیانووسی Occanus، کرونوس Cronus، ئەتلّس Atlas، و پرومتیوس Prometheusیان ناوە. سیکلوپەکان Cyclope کۆمەلّە دیٚویٚکی بنیادەمخۆرن و یەك چاویان لە ناوەندی تەویٚلّیان دا هەیەو بە هیٚمای هەورە تریشقە دەژمیٚردریٚن. هکاتونشیرەکان Hecatonchire هیولای سەد دەستن و وادیارە هیٚمای بوومەلەرزەن. بەمجۆرە کۆتایی بە دەسەلاٚتی گایا و ئورانوس دیٚت: ئورانوس کە ترسی لە توانای منالّەکانی خۆی، واتە سیکلوپەکان و هکاتونشیرەکان هەیە، لەتارتاروس"1"دا Tartarus حەپسیان دەکات. کرونوس لەسەر داوای گایا، بە داسیٚك ئەندامی ئورانوس دەبڕیٚ و زندانییەکان ئازاد دەکات. خویٚنی ئورانوس دەڕژیٚتە سەر زەوی و لەم خویٚنەوە هەندیٚ دیٚو پەیدا دەبن کە پیٚیەکانیان ئەژدیهایە، خواوەندانی تۆلّە پەیدا دەبن کە گیٚسویان مارە (ئەم خواوەندانە ناویان –ئەرینوس Erinys، و ئومینیدس Euminides–ە، و هەروەها هەندیٚ حۆریانی ئاوازخویٚن پەیدا دەبن (کیژانی جەنگاوەر کە نیٚزە لە لەشیاندا دەڕۆیٚ). ئورانوس گۆشەگیر دەبیٚ.

دووەمین مالّبات: کرونوس و راء.

لە ئەنجامی ویسالّی کرونوس لەگەلّ خوشکە تیتانەکەی خۆیدا (راء) دا هەندیٚ زوریەت لە دایك دەبن کە دواتر دەبن بە خواوەندانی ئولەمپی. ئەم خواوەندانە (زیوس– Zeus، پوسیدون– Poseidon، هادیس– Hades، هیرا– Hera، دمتر– Demeter، و هستیا– Hestia)یان ناوە. کۆتایی دەسەلاٚتی دووەمین مالّبات بەم شیٚوەیە دەگیٚڕدریٚتەوە: کە پیٚشبینی ئەوە دەکریٚ کە کرونوس بە دەستی یەکیٚك لە فەرزەندەکانی خۆی لە دەسەلاٚت دەخریٚ، لە ترساندا پیٚنج منالّی یەکەمی خۆی قووت دەدا. شەریٚك لە نیٚوان تیتانەکان و منالاٚنی کرونوس و راء دا هەلّدەگیرسیٚت.

تیتانەکان دەشکیٚن و کرونوس لە پاشایەتی دەخریٚ. هەموو تیتانەکان، جگە لە ئەتلّەس ( کە دنیا لەسەر شانەکانی خۆی رادەگریٚ)، پرومتیوس، و ئوکیانوس لە تارتاروسدا حەپس دەکریٚن.

سیٚیەمین مالّبات: زیوس و هرا.

خواوەندە سەرەکییەکانی ئەم بنەمالّەیە ئەمانەن:

| ناوی یۆنانی | ناوی رومی | نەخش ورۆل |
|---|---|---|
| زیوس،کوری کرونوس و راء | جوبیتەر | پاشای خودایان و ئاسمان |
| هیرا، خوشك و هاوسەری زیوس. | ژونون | مەلیکەی خودایان، پشت و پەنای زەوجین. |

